# میتافیزیکی ئارایی دریدا

## «تێڕوانینێک لە بەرهەم و ئەندێشەکانی ژاک دریدا»

لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد
(تاران)

(ژاک دریدا) لە ساڵی ١٩٣٠ی لە ئەلجەزیرە هاتۆتە دنیاوە، لە نێوان کەمینەیەک لە فەڕەنسییە داگیرکەرەکان گەورە بووە و گەشەی سەندووە، بەڵام قەت تا ڕادەیەکی کەمیش لەگەڵ ئەو فەڕەنسییانەدا ئۆگری نەدۆزیبێیەوە، بەپێچەوانەوە بە دیتنی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو کولتوور، وێنەیەک لە نەگونجان لەلای ئەو ڕەخسا کە چەمکی زاڵ و باڵادەستی و پێگەی بەهادارانە ڕەت دەکاتەوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ تایبەتمەندیی هزری ئەوە، بەتایبەتی کە خودی ئەو، خۆی پێویست بوو بە کولتووری سێیەم و لەبیرچوو کە بریتیبوو لە: یەهودییەت، لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا چووەتە شاری پاریس و لەوێ نیشتەجێ بووە و لەبەشی فەلسەفە وەک خوێندکارێک وەرگیراوە. ئەم شتە لە کاتێکدا بووە کە ژینگەی هزری، تەنانەت زانکۆیی چاخەکەی بەتەواوەتی لە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی دیاردەناسی و ئەگزیستانسیالیزمدا بووە. کارلێکەریی نیتشە، هۆسرەڵ و بەتایبەتی هایدگەر، ڕاشکاوانە و بەئاشکرا ئاسەواری لەسەر هزری ئەو جێ هێشتووە.

لە ساڵی ١٩٦٢دا، پارێک لە دوایین یادەوەرییەکانی هۆسرەڵی بەسەردێری ناوێک کە خودی ئەم هزرڤانە بۆی جێ هێشتبوون، واتە سەرچاوەی ئەندازەی وەرگیراو بڵاوکردەوە و پێش گوتارێکی گرینگی بۆ دانا. وەرگێڕانەکەی ئەوەندە ورد و بەهاگران بوو کە دوای چواردەساڵ کاتێک(ژردار گرانیل) کە سەرسەختترین وەرگێڕی بەرهەمێن هۆسرەڵ بوو، دەقی تەواوی تەنگژەی زانستە ئەوروپاییەکان و دیاردەناسی ترانسێنداڵ، واتە سەرجەمی دوایین یادەوەری و ئیشەکانی هۆسرەڵی بڵاوکردەوە، وەرگێڕانەکەی دریدای بەبێ هیچ دەس بردن لە کارەکانی خۆیدا هێنایەوە (١)و جێی کردەوە و نووسی:

(پێم حەیف بوو کە جارێکی دیکە ئەم بەشە وەربگێڕم،



دریدا

لەکاتێکدا کە وەرگێڕانێکی پەسندکراوە و بە بایەخ لەم جۆرە پێشتر کراوە.)(٢)

لە ساڵی ١٩٦٧ کارتێکەریی دریدا لە فیکر و هزری هاوچەرخدا بەبڵاوکردنەوەی هاوکاتی سێ کتێبی دی ئەو دەستی پێ کرد: دەنگ و دیاردە، کە پێشەکییەکی لەسەر چەمکی نیشانە لە دیاردەناسی هۆسرەڵ(٣) و نڤیسیار و جیاکاری کە کۆمەڵەیەکە لە وتارە کورتەکان لەبارەی ئەدەب، هزر و فەلسەفە و هەروەتر زمانناسی(٤) لەمەڕ گراماتۆلۆژی کە ناوێکی دیکەی (لەبارەی ڕێزمانی زمانناسی)ـە کە کتێبێکە بەرهات و ئامانجەکەی هێنایە ئارا (تیوری، یان زانستێکی نوێ لەمەڕ نڤیسیار)ـە(٥) پێنج ساڵ دواتر سێ کتێبی دیکەیشی لە کاتێکدا بڵاوکردەوە: هەڵوێستەکان کۆمەڵەیەکە پێکهاتووە لە سێ وتوویژی درێژ لەمەڕ پێوەندی فەلسەفە و زمانناسی، (٦) پەراوێزەکان: لە فەلسەفەدا کۆمەڵەیەک لە وتارەکانە کە لە پەراوێزی فەلسەفەدان، واتە بریتییە لەو کەوشەنەی کە فەلسەفە بەزمانناسی و تیوری ئەدەبی دەبەستێتەوە (یان جیای دەکاتەوە)(٧) وەبارهێنان کە کۆی سێ وتارە لەمەڕ ئەفلاتوون و (ئەو شتەی کە ئەو بە -ژار- دەرمانی زانیوە) و مالارمێ و فیلیپ سۆلێر (٨)وەبارهێنان (بەراوردی) وشەیەکی فارسی ورد و هاوواتایەکی باش نییە بۆ ئەو وشە فەرەنسییەی کە بە سەردێڕی کتێبی ناوبراو هاتووە، واتە «ladissem inatio»ـە، ڕەچەڵەکی وشەکە semence بەواتای تۆوی (ڕووەک) و گەرایە، دریدا لەو باوەڕەدایە هەر زاراوەیەکی زمان وەک گەرایەکی ژیندەرە.(٩) دریدا ئەم چەمکەی لە پاش خوێندنەوەی چیرۆکی ژمارەکانی فیلیپ سۆلێر پەیدا کرد. بەبیروبۆچوونی هەردووکیان (دریدا و سۆلێر) لە نڤیسیار شتێ بوونی هەیە کە دووجار لە هەموو سیستەم و لۆژیکێکدا سەرشێت و یاخی دەبێ. یەکێک لە بەرهاتەکانی هەڵوەشاندنەوە پەیداکردنی ڕێوڕەوشتی ئەم یاخی بوونەیە(هەڵبەت ئەگەر ڕێوڕەوشتێک هەبێت.)لە هەموو تێکستێکدا شێواز و فۆرمێک لە پەرتەوازەبوون و بڵاوبوونەوە و بەرەوەری واتا نوێکان بە یارمەتی واتا کۆنەکان هەیە، ئەم تایبەتمەندییانە لە وشە فەرەنسییە (ناوبراو)ەکەدا هاتوون، بەڵام وەبارهێنان هەموویان دەرنابڕێت.

لە ساڵی ١٩٧٣ بەم لاوە، ژیانی دریدا لە نێوان فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دابەش بوو. لە (ئێکۆڵ نۆرماڵ)ی پاریس وانەی ئەدەب و لەزانکۆی (ییل) ئەدەبی پراکتیکی، یان بەراوردی دەوتەوە. دریدا چەندان کتێبی تێکڕا بڵاوکردەوە. (ئاوازی ماتەم) کۆمکارێکە لە نووسینەکانی (هیگڵ) و (ژان ژێنێ).(١٠)

ناوونیشانی کتێبێکە ڕەنگە، بەمانای (دەنگی ناقووس بەبۆنەی مردنی کەسێ) بێت. وشەی Glas بە ڕەچەڵەک لاتینییە و وشەکانی کلاس و کلاسیک بۆ ئەم ڕیشەیە دەگەڕێتەوە.(١١) لە زمانی فەرەنسی کۆنەدا ئەم وشەیە بەمانای(ڕێبازی بەردەوام) بەکارهاتووە. ڕەنگە دریدا مەبەستی لە بەکاربردنی ئەم ناوونیشانەیە جووڵەی بەردەوامی پاندۆل (ئاوەنگ) بووبێت: جۆرە هاتوچۆیەکی هەمیشەیی لە نێوان دەقەکانی هیگڵ و ژان ژێنێ، لە نێوان زمان و گوتار، لەنێوان پەیڤی فەلسەفی و ئاخێوی ئەدەبیدا.لە تێکستی دەقی ناوبراودا ئاماژەیەک بۆ جووڵەی زمان لە دەمدا بەدی دەکرێ و بەمانای (Glas) بەکارهاتووە. (١٢)

کتێبێکی تری دریدا (مامێزەکان)ـە کە لەمەڕ میتودە هەمەلایەنەکانی نووسین(شێوازەکانی دەربڕین) لە نووسینەکانی نیتشەدا دەپەیڤێ.(١٣) هەروەتر دریدا کتێبێکی دی بەناوونیشانی ئۆتۆ- بیۆگرافییەکان -هەیە کە ئاوڕ لە نیتشە دەداتەوە و بەشێکی لەمەڕ بەکارهێنانی ناوە تایبەتییەکان لە بەرهەمەکانی نیتشەیە و ئەم تێکستە گوتاربێژییە کە دریدا لە ساڵی ١٩٧٦ لە زانکۆی (ڤێرجینیا)پێشکەشی کردووە.(١٤) کتێبێکی زۆر گرینگ کە دریدا لەم چاخەدا بڵاوی کردەوە بەناوی: (کارت پۆستاڵ لە سوکراتەوە تا فرۆید و بانتر).(١٥)

ئەم بەرهەمە، کتێبێکە کە کۆمەڵەیەک لە نووسینە پەرتەوازەکان و یادنامەکان و وتارگەلی فرەچەشنی دریدا کە زۆربەیان لەبارەی دەروون شیکاری ئاڕاستە بوون، پاشان دریدا درێژە بە سەرنجدان و دیقەت بە ناوە تایبەتییەکاندا کە پێشتر لە ئۆتۆ بیۆگرافییەکاندا دەستی پێ کردبوو. لەم دەقەدا دریدا ئاماژەکانی نیتشە بەخۆی بە بەسەرهاتی خۆگێڕانەوە لە قەڵەم نەدابوو و ئۆتۆی بەمانا فەڕەنسییەکەی واتە(خۆ) بەکارنەهێنابوو. (١٦) باس لەمەڕ پێگەی ناو لەنێودەقی، لە کتێبی (شی بۆلت) لەبارەی (پۆل سێلان) (١٧) و هەروەتر (واژۆی پۆنز)ی درێژەداو(دەکرێ دوایین نامیلکە بە مۆری پۆنز ناودێر بکەین). (١٨) ناوی ئەم نامیلکە دژوارە بە زمانێکی ترە، لێ دوو وشەی واژۆ و پۆنز لەیەکدی ئاڵاون. ڕەنگە باشتر ئەوە بێت کە ئەوە بەچەشنێکی ڕەها و ئازاد وەرگێڕین. نیشانەیەک کە پۆنز بەهۆیەوە دەبینینەوە. بەرهەمێکی تری دریدا بریتییە لە (دەنگی ئاپۆکالیپس) شێوەیەک کە فەلسەفە بەتازەیی پێداگری لەسەر کردووە، توێژینەوەیەکە لەمەڕ ماناکانی ناوی دوایین کتێبی عەهدی نوێ، یان (سەردەمی نوێ). (١٩) کۆمەڵەیەک لە وتارەکانی دریدا لەمەڕ هونەری شێوەکاری مۆدێرن لە کتێبی(حەقیقەت و شێوەکاری)دا بڵاوکراونەتەوە. (٢٠) ژماردنی ناوونیشانی کتێبەکانی دریدا ئێستا ماوەتەوە و بە نیوەیش نەگەیشتووە.

دریدا لەم ساڵگەلەی پێشوودا کتێب و وتاری زۆری بڵاوکردەوە کە قەبارەیان زێدەتر لە هەزاران لاپەڕەی چاپ کراوەیە. لەم نێوانەدا بەشێک لە گرینگترین ناوونیشانەکان لێرەدا دەهێنمەوە. کۆمەڵێک لە وتارەکان، یادنووسە ڕۆژانەکان و بیرەوەرییەکانی دریدا بەسەردێڕی(خود= نفس)بڵاوکرایەوە کە ناوی دووەمی (ئەو بیرەوەرییانە) ناوی (ئافراندنێکی تر)ـە. هەموو نووسینەکانی ئەم کتێبە قەبارە گەورەیە چەمکی داهێنانی بەردەنگ لە زماندا پێکەوە گرێ دەدرێت. (٢١)شێواز و شێوەی نووسینی کتێب وەبیرهێنەری(کارت پۆستاڵ)ـە، باسوخواسەکانیش بە لەونێک بە درێژکراوەیی لۆژیکی ئەم کتێبە دێتەژمار. کتێبێکە کە زۆر سەرنجڕاکێشە، چونکە لە زۆربەی وتار و یادنووسەکاندا، دریدا لەمەڕ کەسانێک دەکەوێتە ئاخافتن کە خۆشی دەوێن. وتارێک بەسەردێڕی(مەرگەکانی ڕۆلان بارت) لە دەسکەوتەکانی ئەو نووسەرە دەدوێت، وتارێکی دیکە لە ژێر سەردێڕی(قەڵای بابل) بۆ تیوری (ڤالتەر بنیامین) لەبارەی زمان و وەرگێڕان تەرخان کراوە. وتارێکی دیکەیشی هەیە لە ژێر ناوی (بژێر وێژی) کە مەسەلەی ناو لە شانۆنامەی (ڕۆمیۆ و جولیێت)ی شەکسپیر ئاراستە دەکا: وتارێکی تریشی بەناوی(دەستی هایدگەر) ناودێر بووە. جگە لە(هایدگەر)، (نیتشە) و (فرۆید)، هەروەها لە(فلۆبێر)، (پیتەر ئایزنمان)ی بیناساز، (ئیمانۆئێل لۆیناس) و(نلسۆن ماندێلا) دەدوێت.

ناوی کتێبێکی تری دریدا (لەمەڕ ڕوح و پرسیار)ـە. (٢٢) هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم دەقە فەلسەفییە کە لەمەڕ نازیزمیش دەپەیڤێت، دریدا ڕاشکاوانە پاکانەی بۆ هایدگەر کرد. ئەو لە باسوخواسێکدا دوا بڵاوبوونەوەی کتێبی هایدگەر و نازیزم بە پێنووسی ڤیکتۆر ڤاریاس لەبارەی بیروبۆچوونە ڕامیارییەکانی هایدگەر، بەتایبەت پێوەندی ئەم فەیلەسووفە لەتەک حزبی ناسیونال سۆشیالیستی ئەڵمان و بێدەنگی ئەو لە ئاست گوناحەکانی نازییەکان، بێ دەنگییەک کە تەنانەت لە پاش ساڵی ١٩٤٥ یش نەشکا، ڕووی دا، پاکانەی بۆ هایدگەر کرد. (٢٣) هایدگەر لە ساڵی ١٩٣٣دا کە هەوەڵین ساڵی بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلەرە، پشتیوانی لە چالاکییە دژە دیموکراتییەکانی نازییەکان لە سیستەمی زانکۆیی ئەڵمانیادا کرد، ئەگەرچی دواتر دانی پێدانا کە پێشتر وازی لە نازیزم هێناوە و هەروەتر وازی لە مەقام و پایە و پلەی پارتی خۆی هێناوە و تەنیا وانەی فەلسەفەی وتووەتەوە، (٢٤) بەڵام ڤاریاس (قوتابی خودی هایدگەر) پشتی بەم باوەڕە ئەستوورە کە وتەکانی هایدگەر ڕاست و بەجێ نین و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە ژینی تایبەتی ئەم هزرڤانە بەردەستی کەوتووە، دەری دەخات کە هایدگەر بەردەوام بیروباوەڕی بە نازیزم و نازییەکان هەبووە، دژی ڕەگەزی سامی بووە و...تاد.

یۆرگن هابرماس (قوتابی دیکەی هایدگەر) لەپێشگوتارێکدا کە لە دەسپێکی دەقی ئەڵمانی کتێبەکەی ڤاریاس هاتووە، دەنووسێت کە هایدگەر بە شێوازێکی ئاشکرا بووبووە ئەندامی حزبی ناسیۆنال سۆشیالیستی ئەڵمانیا و لە ئاهەنگەکانی ئەو حزبەدا لە سەرکوتکردن و کوشتنی ئازادی و ئازادیخوازان، بە ئاشکرایی پشتیوانی کردووە، بەڵام قەت بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاشکاوانە دابڕانی خۆی لەو پارتە و ئاهەنگ و بەرنامە و ئایدیۆلۆژییەکەی ڕانەگەیاندووە، تەنانەت پاش ساڵی ١٩٤٥ یش. (٢٥) دریدا وەک (ئیمانۆئێل لویناس)، (ژان فرانسوا لیۆتار)و زۆر لەهرزڤانە فەڕەنسییەکان پشتگیری ئەم ڕەوشت و سیستەمەی کرد کە بیروباوەڕە ڕامیارییەکانی هایدگەر لە سییەکاندا چ

پێوەندییەکی بە تێفکرینی فەلسەفی ئەوەوە نییە و بێ دەنگی ڕەهای ئەم هزرمەندە لەبەرانبەر تاوانگەلێ کە بە باشییەوە لێیان ئاگادار بوو، زیانی بە پایە و پلەی بەرزی ئەو لە هزری فەلسەفی مۆدێرندا ناگەیەنێت.(٢٦) یەکێک لە کتێبەکانی تری دریدا (یۆلیس گرامافۆنە) کە دەتوانین بە ڕێزمانی دەنگیی ئۆلیس وەری بگێڕین. پاڵەوانەکانی چیرۆکی ئۆدیسەی هۆمیرۆس بە زمانی فەڕەنسی ناوی ئۆلیسە، کە نیشانە و سیمبۆلی ڕۆمانی (یۆلیسس)ی جەیمز جۆیس ئەو چیرۆکە بووە.(٢٧) ناوی دووەمی کتێبەکە(دوو وشە بۆ جۆیس)ە. ئەم بەرهەمە خوازیاری ئەمەیە کە ئەم خاڵە بقەبڵێنێت کە (بەڵێ) و (پێکەنین) بەڕای جۆیسەوە یەک واتایان هەبوو. دریدا گوتەنی لە پەراوێزی بەرهەمەکەدا خاڵگەلی گرینگتر هاتوون: باڵادەستی زمان، ئەگەری وەرگێڕان، نزیکایەتی دەق و زانیاری. کتێبێکی دی دریدا لەبارەی (پۆل دێمان) هزرڤانی هەڵکەوتووی بزاڤی هەڵوەشاندنەوەی دەقە کە لە ساڵی ١٩٨٣ تەسلیم بەخاک کرا. کتێبی بیرەوەرییەکانی دریدا دوو بەشە (٢٨) کە یەکەم بەش بیرەوەریگەلێک لە هەمبەر (دێمان) کە لە بن و بنچینەدا بیرەوەری نووسییە و دووەم بەشیش بۆ دەق و بەرهەمەکانی (دێمان) تەرخان کراوە.

یەکێکی دی لە کتێبەکانی دریدا بەسەردێڕی (پێشینیانە) کە دەکرێت بە(زێوارەکان)، هەروەها بە (حەوانگەکان)یش وەری بگێڕین.(٢٩) وتاری ناوازەی دریدا بەسەردێڕی (یاسای چەشنەکان) کە لەبارەی ژانرە ئەدەبییەکان دەپەیڤێت، لە کتێبی ناوبراودا هاتووە. بێجگە لەو کتێبانەی کە لێرەدا ناوم بردوون، دریدا خەرمانێک تێز و نامیلکە و وتاری نووسیوە. ئەم کۆمەڵە مەزنە کە لە بیست ساڵی ڕابوردوودا بڵاوبووەتەوە، نیشانەی هێز و وزەی داهێنەرانەی زەینێکی بەتین و هێزە کە دوابەدوای دابونەریتی نیتشە و هایدگەر خوازیاری هێنانە کایەی ڕەخنەیەکی بنیادی لەسەر(دابونەریتی میتافیزیک لە تێفکرینی ڕۆژئاوادایە و مەبەست و ئامانجی هێرشەکانی نە تەنیا پەیڤی فەلسەفی، بەڵکو هەموو فۆڕمێکی بەکارهێنانی زمان لە وێژە و هەروەتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدایە. دریدا وەک نیتشە و هایدگەر جەخت ناکا بەتەنیایی بیروبۆچوونی ئێمە بگۆڕێ، بەڵکو خوازیارە شێوازێکی نوێی تێهزرین بە ئێمە نیشان بدات. هەرکام لەم سێ هزرمەندە لە کۆتایی نەریتێک کە زێدەتر لە دوو هەزار ساڵ بەردەوام بووە، جەخت دەکات تا کانگای هەڵە دیاری بکات. ئەم کانگایە بەڕای نیتشە مەسیحییەتە و بەلای هایدگەرەوە میتافیزیک و بەلای دریدایش ئاخاوتە تەوەرییە. لە نیسانی ساڵی ١٩٨٥دا لە یەکەمین وتووێژی دریدا کە بە زمانی ئینگلیزی ئامادە کرا، سالۆینشکی کە توێژەرێکی مەجارییە، داوای لە دریدا کرد کە: (ئێوە لە کتێبی ئاپۆکالیپسدا نووسیوتانە کە تا نەزانین کێ دەقی وتووە، یان نووسیوە، دەق بۆنوبەرامەی ڕوانگەیەکی پشت ئەستوور بە ئۆکالیپسی لێ دێت (کۆتا زەمەنییە)، کەواتە خۆتان بناسێنن و لە ژیانی هزرمەندانەی خۆتان قسەمان بۆ بکەن. دریدا وەڵامی دایەوە: خاوەن ژیانێکی هزرڤانانە نیم و تەنیا ژینێکی ڕووت و ئاساییم هەیە و بۆ ئەوە خۆم بە ڕۆشنبیر نازانم و بەرهەمەکانم بنچینەیان لەساناترین ڕووداوە (نافیکری)یەکان پێکهاتووە.(٣٠) دریدا کە زۆرجار لەپێویستیی تێپەڕین لە (هزری میتافیزیکی چاخەکان) دواوە، لێرە وەبیری هێنایەوە کە (جان جاک ڕۆسۆ)، (هایدگەر)، (جۆیس)، (مالارمێ) و (ئارێتۆ) و (دواتر نیتشە و فرۆیدیشی پێ زیاد کرد) ئەویان فێری تامەزرۆیی خوێندنەوە و نووسین کرد، بەڵام فەلسەفە بۆ ئەو بیانوو و پەڵپە، لەبەر ئەوەی کە ڕۆژێک بتوانێت بچێتە نێو جیهانی ئەدەبەوە و بەم خولیایە سەرقاڵە تا بتوانێت ڕۆمانێک بنووسێت. دریدا شی کردووەتەوە کە لە سەرەتاوە خوازیار بووە وەڵامی پرسی ئەدەب چییە بداتەوە، هەر لەبەر ئەمەیش بووە کە دەستی بەخوێندنەوە و ئیشی فەلسەفی کردووە، پاشان پرسیاری نڤیسیار چییە؟ هەر ئەم پرسە بوو بەهۆی نووسینی کتێبی لەمەڕ گراماتۆلۆژی: دواتر بۆ خولیای ڕۆمان گەڕایەوە و دەنگی خەم و کارت پۆستاڵی وەک ڕۆمانگەلێک نووسی. (٣١)

لە نێوان فەڕەنسییەکاندا هزرمەند و فەیلەسووفی چیرۆکنووس کەم نین، دیدرۆ، ڕۆسۆ، ڤۆلتێر، ساد، باتای، بلانشۆ، هەروەها سارتر، تەواویان خولیای دریدا و ڕۆلان بارتیان بەدی هێناوە. تاسەی نووسینی ڕۆمان ڕێباز و شێوەی دەربڕین و ڕێکخستنی نووسینەکانی بارت و دریدای بەرهەم هێناوە و بە پێچەوانەی بارت کە لە ڕەوشت و میتودی نووسینی کلاسیک خوازان (کورتبێژی، کورتبڕی، ڕستەگەلی کورت، بەلاوەنان، پشت بەستن بە بژێروێژی)نزیک دەبوویەوە و (مۆدێرنترین) مامۆستاکانی لە شێوەی نووسین و دەربڕیندا (ڤالێری) و (ئەندرێ ژید) بوون، دریدا مۆدێرن نووسە. هەڵبەت بڕێ جار بە ئەنقەست لە شێوەی دەربڕینی کلاسیک خوازەکان خۆی نزیک کردۆتەوە، بەڵام ئەم خاڵگەلە زۆر دەگمەنن و بەئاشکرایی ئەنقەستن: وەک

ئەو برگە کورت و جوانانەی کە لە ساڵی ١٩٨١ لەبارەی (بارت)ـەوە نووسی و بەسەردێری (مـەرگـەکـانی ڕۆلان بارت)ـەوە بڵاوی کـردەوە. ئەم تێکسـتـە چەشنی یادنووسێک بۆ بنووسێکە کە لە ژیاندا نەماوە.(٣٢) هەر لەم ساڵەیشدا دریدا لە پەراوێزێک بۆ بەرهەمێک بەسەردێڕی (بەرهاتەکانی مرۆ) کە بۆ شیکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی ئاراستە کرابوو، واتە سەرجەمی دواندەری و گوتاربێژی و باسگەلێک کە ناوونیشانی ڕۆشنگەریشیان هەیە، نووسی، (ڕەنگە یادنووس قەت بەشوێنی مەبەست نەگات، بەڵام دەقاودەق هەر لە خەمنامەیەدا کە دەتوانین سەرچاوەکانی گومان و ئەگەری ئەدەب بدۆزینەوە.(٣٣) بەبڕوای دریدا(نامەی نەگەیشتوو)نووسین بە هەرامە و کاروکردەیەکی شێتانە و خولیایی نیشان دەدات، بە لەونێک کە داخ و ئەدەب بە ئەرکی فرمێسک و پەشێویی و پەژارە دەنوێنێت. مونتێنی لە پرسە و خەفەتی مەرگی هاوڕێکەی ئێتین دێلا بۆێیتی (نووسەری نامیلکەیەک لەمەڕ کۆیلەتی خۆیستانە) لە یەکەم بەرگی تێزەکانیدا، لە وتارێکدا بەسەردێڕی (لەمەڕ هاوڕێیەتی) نووسیویەتی کە خەم و پەژارە و حەسرەت دەقێکی(جددی و شێلگیر) دەکا بە (دەقێکی ئەدەبی).(٣٤)

بەبۆچوونی دریدا، هەر دەستەواژەیەکی زمان، تۆمێکی لە هەناو خۆیدا جێ کردۆتەوە. لە نڤیسیاردا، شتێک بوونی هەیە کە دەرەنجام ملکەچی هەر سیستەم و لۆژیکێ دەکا. لە هەر دەقێکدا، چەشنێک لە پرشوبڵاوبوونەوە و پرپارکردنی واتا تازەکان بە یارمەتی واتا کۆنەکان بوونی هەیە. دریدا جەخت ناکا تا تەنیا ڕوانگەی ئێمە بگۆڕێ، بەڵکو دەیەوێت شێوەیەکی تازە لە تێهزرین بخاتە بەرچاومان.پێشنیاری سەرەتایی دریدا بە میتافیزیکی ڕۆژئاوایی ئەمەیە کە تێهزرینی فەلسەفی- زانستیی ڕۆژئاوایی بەردەوام دیلی هێمانەگەلی دووبەرەکی و دوو جەمسەریی بووە، هێمانەگەلێک کە میتافیزیکی ڕۆژئاوایی خۆی ئەوانەی خولڤاندووە، پاشان سنگی لێ کوتاوە کە ڕاستەقینەیە. هزری میتافیزیکی قەت نەیتوانیوە خۆی لە دەست ئەم بەندیخانە تێهزرینە دوو جەمسەرە قوتار بکات: خراپ لە هەمبەر باشدا، نەبوونی لە هەمبەر بووندا، نائامادە لەبەرانبەر ئامادە، درۆ لە هەمبەر ڕاستیدا، لەش لە هەمبەر ڕوح، مەرگ لەبەرانبەر ژیندا، ژن لە هەمبەر پیاو، زەین لە هەمبەر مادە، سرووشت لە هەمبەر کولتوور و نڤیسیار لە هەمبەر پەیڤ و گوتاردا.

فەلسەفەی میتافیزیکی شوێن دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ مەسەلەی بوون، بەردەوام، بوون چەشنی ئارا دەنوارێت.لە گوتاردا، ئارا، مەرجی سەرەکیی بەردەوام بوونی لۆژیکی ئاخاوتن دێتەژمار. بەهۆی ئاراوە، بێژەر دەتوانێت بێتە بیسەر و گوێ لە پەیڤەکانی کەسێک ڕادێرێ کە چرکەساتێ بەر لەوە، بیسەری ئەو بووە. دەڵێی لەئارابوون و (بوونی بێ ناونجی کەسێکی دیکە) وەک بەرعۆدەبوونێکە بۆ ئێمە، تابڕوا بکەین ئەو شتە کە دەڵێین مانای هەیە و ماناکەی فام دەکرێت و شتێک دەڵێین کە خۆمان دەرەنجام بە ماناکەی دەگەین. جیا لەوەی کە ئاخۆ بەڕاستی وا دەبێ، یان نا، بەڕای ئێمە، بەهەر جۆرێک، مانا لە ئارادا بە جۆرێکی تەواوکەر بەدی دێت و دریدا زۆری پێداگری کردووە، کە ئەمە گریمانی ڕاستەکیی و سەلمێنراوی میتافیزیکی ڕۆژئاواییە. لەڕوانگەی واتا تەوەرییەوە، نڤیسیار تەنیا بەیانگەر، نوێنەر و لە هەندێک بابەتەوە جێگری گوتارە. بەواتایەکی دی، نڤیسیار، خاڵێکی کۆن، پەراوێزی و کەم بایەخە کە تەنیا ئەو کاتەی کە وتووێژێکی دوو کەسە، نەلواو و نەگونجاو دەنوێنێ، ئەوسا بەکاردێت. نڤیسیار، (نیشانەی سیمبۆلە): نیشانەی نڤیسیاری، نیشانەیەکە لە نیشانەی دەنگیی و فۆنێتیکس و لە نەبوونیدا دەبێتە جێگری ئەو. بەم چەشنە نڤیسیار (ڕێ و ڕەوشتی هاوپێچ بوون) بەخۆیەوە دەگرێت، بە گوتار زیاد دەبێت، یان بەواتایەکی دی، جێگری جێگرە، بەڵام لەولایشەوە، پەیڤی گوتاری جێگری خودی شتەکانە، نڤیسیار جێگری ئاخاوتە گوتاری دەبێت. لەسەر بناغەی ئەم بەڵگەیە، لەپێگەی بەهادارانەوە، گوتار چەندان جار لە نڤیسیار بانتر و بایەخدارترە.

بەکارهێنانی هزری دریدا لە ڕەخنەی ئەدەبی، ئەمەیە کە ئەو بوونی (ئارای مانا) لەبەشی دەرەوەی دەق ڕەت دەکاتەوە و مانا بەدەسکەوتی لێک جیابوونەوەی دەقگەل لەیەکدی دەژمێرێت.ئەم هزرمەندە بەم ئەنجامە گەیشت کاتێک هیچ جۆر (ناوەند)ێک بوونی نەبێت، (مانا جیاجیاکان) دەتوانین لەدەقێک بسێنینەوە. لە واقیعدا، دریدا بە ڕەتکردنی (میتافیزیکی ئارایی)، بروامەندانی ئەم بیرۆکەیەی لە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی (ناوەندەکان) کە هەر خۆیان سازیان کردبوو، ڕزگاری کرد و ئیمکانی وەدەست هێنان و گەیشتن بەمانا جیاجیاکانی بۆ ئەوانی وەدی هێناوە.

ژاک دریدا لە جێگەیەکدا گوتەنی:

(بەردەوام جەختم کردووە تا فەلسەفە بهێنمە مەیدانەوە، مەیدانێک کە فەرمانڕەوایەکی تێدا نەبێت.)

تێبینی و پەراوێزەکان:

1- E.Husserl,Lacrise des sciences europeennes et.
2-La Phenomenologie transcendantale,trans. G.Granel,Paris,1976.pp.403-427.ibid.,p.i.n.
3-J.Derrida,La voix et le phenomena,Paris,1967.
4-J.Derrida,L ecriture et la difference ,paris,1967.
5-J.Derrida , De la grammatologie,paris,1967.
6-J.Derrida,position,paris,1972.
7-J.Derrida,Marges-de la philosophie,paris,1972
8-J.Derrida, La dissemination,paris,1972.
9-Ibid.,pp.337-338.
10-J.Derrida,Glas,Paris,1974.
١١- وشـەی Glas لە سـاڵی ١٥٦٠ لە زمـانی فـەڕەنسی بەواتای (دەنگیی ناقـوسی مـەرگ) و لە سـاڵی ١٨٨٠ بەواتای (دەنگی زەنگ) کە کۆتایی شتێک ڕادەگەیەنێت بەکارهاتووە:
Lexis, paris,1979,p.839
12-J.Derrida,Glas,p .232
13- J.Derrida,Eperons,Les styles de nietz sche, paris,1978
14- J.Derrida, otobiographies,Lenseignment de nietzche et la politiquedu now proper,paris,1984.
15-J.Derrida,La carte postale, de socra te a freud et eudela,paris,1980.
16-J.Derrida, otobiographies. P. 56.
17-J.Derrida ,schibboleth,paris.1986
18-J.Derrida,signeponge,paris,1983.
ئەم کتێبە سەرەتا بە ئینگلیزی لە ساڵی١٩٨٣ لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی زانکۆی کۆڵۆمبیا وەرگێڕدرابوو و بڵاوکرابۆوە.
19- J.Derrida, D un ton apocalyptique adopte nau,uere en philosophie,paris,1983.
20-J.Derrida,la verite et en peinture,paris,1979.
21- J.Derrida ,psyche ,in ventions,de l autre, paris, 1986.
22- J.Derrida ,de l esprit, heid eqqer et la question, paris, 1987.
23-V. farias, Heideqqer  et la Nazism ,tron M.Benarroch and j.b garsset ,paris ,1987.
24-M.Heideqqer ,reponses et question sur l histoir et la politique ,tron.j.laumay.paris,1977
25-J.Habermas,martin heideqqer ,loeuvre et la l engagement ,tran .R.Rochlitaz,paris,1988.
٢٦- هزری فەلسەفی هایدگەر، لە پێش دووەم شەڕی جیهانی، کارتێکەری زۆری لەسەر بیرمەندە فەڕەنسییەکان جێ هێشتووە. لەم بابەتەوە هایدگەر لە چ جێگەیەک بە قەد فەڕەنسە دەنگی نەداوەتەوە.
27- J.Derrida ,ulysse gramophone , deux most pour, paris , 1987.
28- J.Derrida, Memoires , for paul de man columbiau.p.,1986.
29- J.Derrida,parages, paris ,1988.
ناوی ئینگلیزی ئەم کتێبە کە دریدا سەرەتا تێکستەکەی بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە، سنوورەکان و تا ڕادەیەک (کەنارەکان)ـە.
30- I.salvinszky  ed.Criticism in society, London ,1987,P.22.
31-Ibid, p.24.
دریدا لەم گوتوبێژەدا بە کورتی باس لە کاری دواتری خۆی کردووە: «بابەتەکەی بریتی دەبێت لە بەرهەمەکانی ڕۆمانتیک خوازە ئینگلیزییەکان».
32- J.Derrida ,psyche ,pp.273-304.
33-Lesfins de I home , apartir du travail de jaques Derrida ,colleque de cerisy ,paris .1981 ,p .213.
34-M. Montaigne ,Essais , paris ,1973 , vol .I .pp. 265.

ژێدەرەکان:

١- ساختار و تاویل متن (شالوده شکنی و هرمنوتیک) دکتر بابک احمدی، مرکز، چاپ اول، تهران: ١٣٧٠.
٢- فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی، نوشته دکتر بهرام مقدادی، انتشارات فکر روز، چاپ اول، تهران: ١٣٧٨.